# تێبینییەکی ڕەخنەگرانەدەربارەی نووسینێکی ڤینۆس فایەق بەناوی "شەرەفی کچ لە تەرازووی تۆڵەی پیاوانی عەشیرەتدا

تاهە معروف



ئەوەی لەسەرەتای باسەکەی ئەم بەڕێزەدا هاتووە سەبارەت بەجێگاو ڕێگای ژن لە دیدوبۆچوون و بیروڕای گەندەڵی کۆمەڵگای پیاو سالارییەوە ، هەوڵیکی گرنگە کە ئەکرێت وەکو ڕێگا چارەیەک هە نگاوی گرنگی لەسەر بنرێت بۆ دیاریکردنی بنەماو بنچینەی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو هۆکارانەی کەلە کۆمەڵگادا لەپشتی "شەرەف و هەتکی شەرەف و ناموس پەرستییەوە"وەستاون و ڕیشەیان لەچوارچێوەی ڕژێمێ سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی سەرمایەداریدا داکوتاوەو بە شێوەیکی سیستمتیکی بەردەوام دێنرێنەوە بەرهەم لە ڕیگای بەخەرجدانی بڕێکی گەورە لە ووزەو تواناییەکانی کۆمەڵ بۆ درێژە دان بەژیانی ئەم فەرهەنگە دەاکەوتوو ناکۆکە بەژیانی فەرهەنگی ئینسانی هاوچەرخ و مافەکانی ژنان . بۆ درێژە بە باسەکەمان لە پەیوەند بەتاوانی دوو دەستە لەپیاوان کەژن ئەکەنە وەسیلەو ڕەمزی شەرەف" بۆتۆڵە سەندنەوەو کرینەوەی' شەرەف لەیەکتر با لە دیدوو بۆ چوونی نووسەری ئەم باسەوە دەست پێبکەین بەشوێن

ئەوەی کەنووسەر نیگەرانی و ئیدانەی خۆی لەبەرابەر ڕووداوەکەدا دیاری دەکات ،دێتە سەر ئەوەی کە بەچ پیۆانەیەک تاوانێکی ئاوا بپیۆێ وە لە درێژەی باسەکەی پیۆانەیەک بەم شێوەیە دیاری دەکاتو دەڵێت :(لە زیندانەکانی بەعسدا هەر بەو شێوەیە تەعەدا لە ژن و کچەکوردەکان دەکرا.................................بەڵام ئەو کاتە پێشمەرگە ئازاو بەجەرگەکانمان شەرەفی کۆمەڵگایان بە پیاوەتی و غیرەت و شەهامەت ئەکرِیەوەو ئەو کچە هەتک کراوەیان لە خۆیان مارە ئەکردەوە بە سەربەرزی ) بە واتایەکی تر یانی ئەو کچانەی کە لەلایەن بەعسیەکانەوە هەتک کراون شەرەفیان لەدەستداوە بە دوای لەدەستدانی شوووکەیان'وە هەر بۆیە پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیش قووربانی بەخۆیاندەدەن بۆ گەڕانەوەی ئەم شەرەفەگەورەیە بۆ کۆمەڵگا وە بەپێی ئەم بۆچوونە شوو شەخسیەتی کچەکان لەکۆمەڵگادا دیاری دەکات هەربۆیە کاتێک کچەکان هەتک دەکرێن دەبێ ئیتر ملکەچی ویستو ئیرادەی کۆنەپەرستانەی پیاو سالاری ببن و نووکەیان لێوە نەیەت بۆ ئازادی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان کە ئەم شێوازە لە مامەڵە لەگەڵ ژناندا لە ڕاستیدا جیاوازیەکی نیە لەگەڵ ئەو شیوازە دژی ئینسانیەی کەلەلایەن دوو دەستە لە وکوڕانەوە بۆسەر ئەو کچانە ئەکرێت بە مەبەستی کرینەوەی شەرەف و بوویشەتە جیگەسەرنجی نووسەری ئەم بابەتە، وە لە پە یەوەند بەئاستی تاوانو سووکایەتی بە ئینسانی ژن چ بەعسیەکان وە چ پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لەو خاڵەدا ( هاوبەشن) کاتێک کە ئەو کچانە بە غەیری ویستوو ئیرادەی خۆیان پەیوەندی جنسیان لەگەڵدا دامەزراوە، بەعسیەکان لەڕێگای

بەکارهێنانی توندوتیژی و ئەشکەنجە بۆسەرکچەزیندانی کراوەکان ، وە پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیش، لە ڕێگای پیادەکردنی توندوتیژی فەرهەنگی پیاو سالاری، کەبۆخۆی بەشێکی دانەبڕاوە لە فەرهەنگی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد وە شەرەف بۆ ناسیونالیستەکان لەکەم بەگرتن و سووکایەتی بەژنانەوە سەرچاوەی گرتووەو لە کۆملگاشدا هەر ئاوا برەوی پێئەدەن، وە هەر ئەو دەستەو تاقمانەی کە شەرەف ی کۆمەڵگایان لەزیندانەکی بەعسدا ئەکرپەوە هەر ئەمانەو لەهەمان قوماش، دەستەو تاقمی چەکداری تایبەت یان پێکدەهێنا بۆ پاکسازی ئەو ژنانەی کە سنووری ئەم بازنە موقەدەسەی شەرەفیان لەکوردستاندا ئەبەزاند وە لەماوەی 13 ساڵی دەسەلاتیان لە کوردستاندا دڕندانەترین مێتۆدی ناشارستانێتیان لەدژی ژنان گرتۆتە بەر، کەم نین ئەو ژنانەی کەلە سایەی دەسەلاتی نیگریسی ڕەشی ئەم جەنابانەدا بوونەتە قوربانی و ڕەشەکوژی کراون وە لە تەموزی 2000 دا لە چوار جێوەی پەلامارەکانیان بۆ سەر بزووتنەوەی ئازادی و یەکسانیخوازی یەکێک لەو بنکانەی کە هێرشی کرایە سەر بنکەی پارێزگاری لەو ژنانە بوو کە لەژێر هەرەشەی کوشتندا بوون بەو پێیەیەی کە بازنەی موقەدەساتی پیاو سالاریو شەرەف یان بەزاندبوو وە هەر ئەو چەکدارانەی بزووتنەوەی کوردایەتی کە جورئەتی ئەوەیان کردووە کە شوو بکەنە وەسیلەیەک بۆکرینەوەی شەرەفی 'کۆمەڵگا ، هەر ئاواش بەهەمان فەرهەنگی پیاوسالارییەوە لە پشتی زۆریّ لە تاوانەوە دەرهەق بەژنان وەستاون کە نەک هەر لە کوردستان بەڵکو لەدڵی ئەورووپای شارستانیشدا جێگە دەستی تاوانیان بۆ سەر ژنان دیارەو بەهەمان فەرهەنگی دوواکەوتوویان تاوانەکانیان لەدژی ژنان ئەنجام دەدەن تا ئەو ڕادەیەی کە لەچەند دەوڵەتێکی ئەورووپی دا ناسیونالیزمی عەشیرەتی کورد و ئەتباعەکانیان بوونەتە هۆیەکی سەرەکی لە ناوزڕانی جالیەی کوردی لە دەرەوە وەبە تایبەت لە ئەورووپا . دیارە بنبڕکردنو بەرگرتن بەم جۆرە تاوانانە لەدژی ژنان دەکریّ کە لە ئەسڵو هۆکارە ئەساسیەکانەوە دەستی بۆ ببریّ نەک ئەوەی بە تەنها تەفسیر و هەڵوێست لەئەنجامەکانی بگیرێت کە بۆخۆی فاکتەری لاوەکین. دووبارە نووسەر لە بەشێکی تری نووسینەکەی قسەکانی ئاوا ئاڕاستە دەکاتو دەڵێت :( نازانم پیاوانی ئاینی حکومەت ، دەسەلاتی حیزبی ڕێکخراوەکانی تایبەت بەژنان لەکوێی ئەو هەڵەدا ئەوەستنتۆبڵێی کۆمەڵگای کوردی ئەوەندە لەمەترسیدابێت) بۆ وەلاّم بەم پرسیارانە ئەبێت ئەوە ئاشکرابێت کە ناکرێت کەسێک نیگەرانی نیشاندا لەرووی ئەم تاوانە، بەلاّم جێگاو ڕێگای پیاوانی ئایینی و حکەمەتو دەسەلاتی حیزبە ناسیونالیستەکانو ئاستی بەشداریان لەم تاوانەدا، بەواقعی ودروست دیاری نەکات، کەسەرجەمی ئەم تاوانانە لەهەگبەی ئەم بزووتنەوانەدا یەو بەرپرسیاری ڕاستەو خۆیشن لیی، لە کاتێکدا نا بەرابەری ژن و پیاو بەشێکە لە فەلسەفەی بوونی بزووتنەوە سیاسی وکۆمەلاّیەتیە کۆنەپەرستەکەیان،وە تا ئەو جێگایەی بە ئیسلامو پیاوانی ئایینی دەگەڕێتەوە ،ئەمانە پابەندی یاساو شەریعەتێکن کە تەبریر بۆ سەدەها تاوانی ئاوا دەهێننەوەو لە دیدگای ئەوانەوە ژن گیانلەبەرێکی ناقسە هەر بۆیە چەندیان بۆ پیاوێک (ساری المفعولە) خۆ ئەگەر بۆ تاوانێکی ئاوا لەم چەشنە ڕاپرسیان پێ بکرێت بیّ شک بە چەکی ئەخلاق و شەرەفە وە دێنە مەیدان کە چارەسەرەکەشیان جەختکردنەوەیە لەسەر بێ مافی ژنان و بەکەم گرتنی جێگاو ڕێگای لەکۆمەڵدا ، وە لە تاوانێکی ئاواشدا کە دەرهەق بەژنان ئەنجام دەدریّ، هەر بەو پێ یەی کە چەکدارەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی 'شەرەفی' کچە زیندانیەکانیان کریەوەو لێرەشەوە شەرەفی کۆمەڵ ، هەر ئاواش پیاوانی ئایینیی لەمە زیاتر ناکەن و لە شێوازێکی تردا ئەم سووکایەتیکردنە بە ئینسانی ژن دووپات دەکەنەوە وە زۆریّ لەم حاڵەتانە لە کوردستاندا هاتۆتە بەردەست پیاوە

ئاینیەکان و بە حوکمێکی بەربەری ئایینی ئەو پیاوەی کە تاوانی هەتکی لە دژی ژنێک ئەنجام داوە خەلاتکراوەو بە پێی یاساو شەریعەتی ئیسلامی قوربانی ئەم تاوانە کە ژنەکەیە لە تاوانبار مارەکراوە وە هەر لەپاڵ پیاوانی ئایینی و ئیسلامیدایە کە لەشەڕی عەشیرەتەکاندا ژنان لە خوێندادەدرێن و پیاوە ئایینیەکان بە پێی شەریعەت و یاسای ئیسلامی 'شەرعیەت' بەم تاوانە ئەدەنو شەربەتی زاڵمانەی مارەبیش ی دەنۆشن و تەواو کەری بەشێکی تری زۆریَ لەم جۆرە سیناریۆ ڕەشو بێ بایەخانەن لە دژی مافەکانی ژنان کە مێژوویان ئەگەڕێتەوە بۆ سەدە تاریکەکانی سەردەمی جاهلی و بەربەری کە لە ژێربالی ئەم بزووتنەوانەی ڕژێمی هاوچەرخی سەرمایەداریدا بەرێوە دەبرێتو برەوی پێئەدرێت وە هەر لێرەشەوە ئەتوانرێت ڕیشەی تاوانێکی ئا وا ئاماژەی پێ بدرێت کە بنچینەی سەدەها تاوان و دەستدرێژی تری لەم چەشنە بۆسەر مافەکانی ژنان بەخۆوە دەگرێت، بۆیە ئیدانەو ڕیسوا کردنی ئەم تاوانانە گرێدراوو پەیوەستە بە خەبات لەدژی هەموو ئەم بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە کەلە سەرووی ئەم بڕیارو یاساو تاوانانەوە قەراریان گرتووەو هۆکاری ئەسڵین بۆ سەپاندن و فەرزکردنی ئەو موقەدەساتە بێناوەڕۆکانەی کە سەرجەمی قودسیەت و بەها بەرزە ئینسانیەکان ڕەتدەکەنەوە نەک ئەوەی هانایان بۆ ببرێت.

5حزیران2005